# ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی قوتابیانی زانکۆ دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال

أحمد جمال حمە كريم، دلان ئیسماعیل مولود

بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی جیهان-هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

جینۆسایدی ئەنفال یەکێکە لە تاوانە تراژیدییەکانی مێژووی کورد کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و بەدیاریکراوی لە ساڵی 1988 لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە(بەعس) ئەنجام درا. ئەم تاوانە بەرامبەر گەلی کورد کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی جێهێشتووە، بەڵام هێشتا ئاستی هۆشیاریی کەسانی جیاواز، بەتایبەتی چینی قوتابیان، دەربارەی ئەم پرسە مێژووییە تاڕادەیەك ئاستی هۆشیارییان سنووردارە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لەم کێشەیە بکۆڵێتەوە لەڕێگەی دیاریکردنی کاریگەریی سۆشیال میدیا، جۆری ناوەڕۆکەکان، هەروەها پلاتفۆرمە جیاوازە بەکارهاتووەکان لەلایەن قوتابیانی زانکۆوە. توێژینەوەکە ڕێبازی وەسفی-ڕووپێوی بەکارهێناوە وکۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە سەرجەم قوتابیانی زانکۆی جیهان-هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی 2024-2025 پێکهاتووە. سامپڵی توێژینەوەکەش بریتییە لە 175 قوتابی لە بەشە جیاوازەکان کە بەشێوەی مەبەستدار هەڵبژێردراون. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەران پێی گەیشتوون، سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی قوتابیانی زانکۆ دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال، بەوپێیەی زۆربەی بەشداربووان ڕووبەڕووی ناوەڕۆکی پەیوەست بە جینۆسایدی ئەنفال دەبنەوە لە سۆشیال میدیادا وبە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانیان دەزانن. ناوەڕۆکی بینراو، بەتایبەتی وێنەی مێژوویی وچیرۆکی کەسیی، کاریگەرترین فۆرماتن بۆ تێگەیشتن لە جینۆسایدی ئەنفال. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەك خراونەتەڕوو.

**کلیلەوشەکان:** سۆشیال میدیا، هۆشیاری، قوتابیانی زانکۆ، جینۆساید، ئەنفال

## 1. پێشەکی

جینۆسایدی ئەنفال یەکێکە لە تاریکترین ڕووداوە مێژووییەکانی گەلی کورد، کە لە ساڵی ١٩٨٨ لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراق (بەعس)ەوە ئەنجامدرا. ئەم تاوانە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی جێهێشتووە، بەڵام هێشتا ئاستی هۆشیاریی کەسانی جیاواز، بەتایبەتی قوتابیانی زانکۆ، دەربارەی ئەم پرسە مێژووییە سنووردارە. لە سەردەمی ئێستادا، سۆشیال میدیا بووەتە سەکۆیەکی کاریگەر بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، بەتایبەتی نەوەی نوێ. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی قوتابیانی زانکۆی جیهان-هەولێر دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال بخاتەڕوو .

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری سۆشیال میدیا لە هۆشیارکردنەوەی قوتابیان، دیاریکردنی جۆری ناوەڕۆک و پلاتفۆرمە بەکارهاتووەکان، هەروەها هەڵسەنگاندنی ڕادەی متمانەی قوتابیان بە زانیارییەکانی سۆشیال میدیا (Massoudi et al., 2025) لە هەمان کاتدا کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە نادیاریی کاریگەریی سۆشیال میدیا لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری قوتابیانی زانکۆ دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال. ئەم توێژینەوەیە پێویستییەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمییە، چونکە یارمەتی زیندووکردنەوەی یادەوەری ئەم ڕووداوە دەدات و ڕێگایەکی کاریگەر بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لە بڵاوکردنەوەی زانیارییە مێژووییەکان پێشکەش دەکات .

لەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازی وەسفی بەکارهاتووە و داتاکان لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە کۆکراونەتەوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی زانکۆی جیهان-هەولێر و

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 9، العدد 2 (2025).
أُستلم البحث في 29 تشرين الأول 2025؛ قُبل في 26 تشرين الثاني 2025
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 20 كانون الأول 2025
البريد الإلكتروني للمؤلف: ahmed.jamal@cihanuniversity.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2025 أحمد جمال حمە كريم، دلان ئیسماعیل مولود. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp124-137

سامپڵەکەش بە شێوەیەکی مەبەستدارانە هەڵبژێردراوە .

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە، بەجۆرێك هەر بەشێك چەند تەوەرێك لەخۆ دەگرێت. بەشی یەکەم چوارچێوەی زانستیی توێژینەوەکەیە و ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، هەروەها بەشی دووەم لە دوو تەوەر پێکهاتووە، کە لە تەوەری یەکەمدا باس لە جینۆسایدی ئەنفال، ئامانج و قۆناغەکانی کراوە، لە تەوەری دووەمیشدا باس لە سۆشیال میدیا وەك ئامرازێکی هۆشیارکردنەوە و گواستنەوەی یادەوەریی مێژوویی کراوە. هەرچی بەشی سێیەمە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بریتییە لە ڕێکارەکانی لایەنی پراکتیکیی توێژینەوە و تەوەری دووەمیش بریتییە لە شیکردنەوەی خشتەکان و خستنەڕووی زانیارییەکانی فۆڕمی ڕاپرسی.

لەم توێژینەوەیدا، توێژەران سوودیان لە چەند سەرچاوەیەکی زانستیی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە وەرگرتووە و لە کۆتاییشدا چەند دەرئەنجام و ڕاسپاردەیەکیان خستووەتەڕوو.

جینۆسایدی ئەنفال یەکێکە لە تاوانە تراژیدییەکانی مێژووی کورد کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و بەدیاریکراوی لە ساڵی 1988 لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراق(بەعس)ـەوە ئەنجام درا. ئەم تاوانە بەرامبەر گەلی کورد کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی جێهێشتووە، بەڵام هێشتا ئاستی هۆشیاری کەسانی جیاواز، بەتایبەتی توێژی قوتابیان، دەربارەی ئەم پرسە مێژووییە سنووردارە. سۆشیال میدیا، وەک سەکۆیەکی سەرەکی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری، ڕۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی زانیارییەکان بە کۆمەڵگە، بەتایبەتی قوتابیانی زانکۆ، دەگێڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەرییەکەی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری قوتابیانی زانکۆ دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال نادیارە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات لەم کێشەیە بکۆڵێتەوە لەڕێگەی دیاریکردنی کاریگەری سۆشیال میدیا، جۆری ناوەڕۆکەکان، هەروەها پلاتفۆرمە جیاوازە بەکارهاتووەکان لەلایەن قوتابیانی زانکۆوە. بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی فراوانتر، ئەم پرسیارانەی خوارەوەمان ورووژاند:

1. تا چ ڕادەیەك قوتابیانی زانکۆی جیهان-هەولێر لە پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا ڕووبەڕووی ناوەڕۆکی پەیوەست بە جینۆسایدی ئەنفال دەبنەوە؟
2. سۆشیال میدیا چەندە کاریگەری هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری قوتابیانی زانکۆی جیهان-هەولێر دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال؟
3. چ جۆرە ناوەڕۆکێکی سۆشیال میدیا (وەک وێنە، ڤیدیۆ، پۆست، یان بەڵگەنامە) زیاتر کاریگەری هەبووە لەسەر هۆشیاریی قوتابیان دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال؟
4. تا چەند قوتابیانی زانکۆی جیهان-هەولێر متمانەیان بە درووستیی زانیارییەکانی پەیوەست بە جینۆسایدی ئەنفال هەیە کە لە سۆشیال میدیادا بڵاودەکرێنەوە؟
5. چۆن ناوەڕۆکی پەیوەست بە جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیال میدیادا کاریگەریی لەسەر هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری مێژوویی قوتابیانی زانکۆی جیهان-هەولێر درووست دەکات؟

دەکرێت گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە دوو ڕووەوە ئاماژە پێ بدەین، لەڕووی مێژووییەوە، یارمەتی زیندووراگرتنی یادەوەری جینۆسایدی ئەنفال دەدات، کە بەشێکی گرنگی مێژووی کوردە، هەروەها هۆشیاری قوتابیان بەرز دەکاتەوە بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی. لەڕووی ئەکادیمییەوە، زانیاری نوێ بۆ بواری میدیا و پەیوەندییەکان دابین دەکات. هاوکات، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەتوانن ڕێگا کاریگەرەکان بۆ بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال پێشکەش بکەن، کە یارمەتی دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان و زانکۆکان دەدات لە پەرەپێدانی چالاکییە هۆشیارییەکان.

ئامانجی توێژینەوەکە:

1. لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری قوتابیانی زانکۆی جیهان-هەولێر دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال.
2. دیاریکردن و شیکردنەوەی هۆکارە سەرەکییەکان کە کاریگەرییان لەسەر هۆشیاری قوتابیان هەیە سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە.
3. دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ناوەڕۆکی سۆشیال میدیا (وێنە، ڤیدیۆ، پۆست، بەڵگەنامە) کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر هۆشیاری قوتابیان هەیە دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال.
4. هەڵسەنگاندنی ڕادەی متمانەی قوتابیانی زانکۆی جیهان-هەولێر بە ڕاستی و درووستی زانیارییەکانی پەیوەست بە جینۆسایدی ئەنفال کە لە سۆشیال میدیادا بڵاودەکرێنەوە.
5. پێشکەشکردنی پێشنیاری کرداری بۆ باشترکردنی کاریگەری سۆشیال میدیا لە هۆشیارکردنەوەی قوتابیانی زانکۆ سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال.

## 2. لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### 2.1 توێژینەوەکانی پێشوو

توێژینەوەی ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین(2023) بەناونیشانی (ڕۆڵی راگەیاندن لە بە جینۆساید ناساندنی کوردە فەیلییەکان – توێژینەوەیەکی مەیدانییە) توێژینەوەیەکی وەسفی-شیکارییە و میتۆدی ڕووپێوی تێدا بەکارهاتووە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی بۆچوونی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ڕاگەیاندنی کوردیی لەسەر کوردە فەیلییەکان، هەروەها دەرخستنی گرنگی و کاریگەری راگەیاندنی کوردی لەسەر کوردە فەیلییەکان. بەپێی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە،زۆرترینی سامپڵی توێژینەوەکە (سۆشیال میدیا) بەکاردەهێنن، راگەیاندنی کوردی و ئامرازەکانی راگەیاندنی کوردیی گرنگی تەواویان بە کێشەی کورد لە ناوەوە و دەرەوە داوە، هەروەها دەرەنجامەکان ئەوەیان دەرخستووە کەوا ڕاگەیاندنی کوردی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کوردیی گرنگی تەواویان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردە فەیلییەکان داوە.
توێژینەوەی عمر احمد رمضان، شيماء وسيم صادق،(2021) بەناونیشانی (دور المواقع التواصل الاجتماعي في نشر مفهوم الابادة الجماعية لدى الازديين) توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە و میتۆدی ڕووپێوی تێدا بەکارهاتووە. گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوە بریتین لە زانینی ئاستی بەکارهێنانی ئێزدییەکان بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و متمانەیان بەوەی کە لەسەر جینۆسایدەکەیان بڵاو دەکرێتەوە، هەروەها زانینی هۆکارەکانی بەکارهێنان و متمانەی ئێزدییەکان بە هەواڵ و ناوەڕۆکی بڵاوکراوە لە تۆڕە

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp124-137

کۆمەڵایەتییەکان یان نەبوونی متمانە بەو ناوەڕۆکانە. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو دەرەنجامانەی کە ڕێژەیەکی زۆر لە بەشداربووانی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی بەرچاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن و متمانەیان پێیانە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و هەواڵ سەبارەت بە چەمکی جینۆساید. هەروەها بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن بەشداربووانەوە چەندین هۆکاری هەیە کە دەبێتە هۆی درووستبوون و بەرجەستەکردنی متمانە لایان، ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین فاکتەرەکانی کاریگەر لە بڵاوکردنەوەی چەمکی جینۆساید لای ئەوان.

توێژینەوەی یحیی عمر ڕێشاوی (2021) بەناونیشانی (تغطية الصحافة الإلكترونية الكوردية لقضايا حلبجة)، لەم توێژینەوەیەدا، توێژەر پەیڕەوی هەردوو میتۆدی مێژوویی و وەسفی کردووە و هەرسێ ماڵپەڕی (خەندان، شار پرێس، زەمەن پرێس)ی وەك نموونە وەرگرتووە. گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە زانینی چۆنیەتی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی کوردی لەگەڵ پرسەکانی هەڵەبجە، هەروەها زانینی سرووشتی گرنگیدانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بە شاری هەڵەبجە. بەپێی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بابەت و هەواڵەکانی پەیوەست بە پرسەکانی (هەڵەبجە) لە ڕێگەی فۆڕمی ڕۆژنامەوانی "هەواڵ"ـەوە بڵاودەکەنەوە. هەر سێ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکە (خەندان و شار پرێس و زەمەن پرێس) بابەتەکانی پەیوەست بە هەڵەبجەیان لەگەڵ وێنەدا بڵاوکردۆتەوە، پاشان لەگەڵ ڤیدیۆدا لە پلەی دووەمدا لە ماڵپەڕی (خەندان) و بەبێ وێنە یان ڤیدیۆ لە ماڵپەڕی شار پرێس، لە کاتێکدا بژاردەی "لەگەڵ وێنە و ڤیدیۆ" لە ماڵپەڕی (زەمەن پرێس) لە پلەی دووەمدا دێت.

## 2.2 چەمکی جینۆساید و جۆرەکانی

جینۆساید چەمکێکی لێکدراوە و لە دوو وشە پێك دێت، ئەوانیش (Genos) وشەیەکی گریکییە بە مانای وەچە یان نەوە یان ڕەگەز دێت و (Cide) وشەیەکی لاتینییە و بە مانای کوشتن یان لەناوبردن دێت، هەردوو دەستە وشەکەش بەیەکەوە و بە کوردی بەمانای نەوەکوژی یان وەچەکوژی یان ڕەگەزکوژی دێت. (حسێن، 2017: 11). ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1933ـدا لە کۆنفرانسی مەدریددا لەلایەن دادوەر و لێکۆڵەرێکی جولەکەی بەڕەگەز پۆڵۆنی) ڕافایل لیمکن Raphael (Lemkeinبەکارهێنراوە، کە دواتر بوو بە ڕاوێژکار لە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا. (حمود، 1987).

بۆ یەکەمینجار کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی (11-12-1946) بڕیاری ژمارە (96)ی دەرکرد و جینۆسایدی بە تاوانێك دانا لە یاسای نێودەوڵەتیدا، وە لە بڕیارەکەدا هاتووە کە جینۆساید نکووڵیکردنە لە مافەکانی تاك و کۆمەڵ و دژی ڕەوشتی یاسا و ئامانج و گیانی نەتەوەیەکگرتووەکانە و تاوانێکی هزر و وێژدانهەژێنە و دەبێتە هۆی لەدەستدانێکی گەورەی مرۆڤایەتی و جیهانی شارستانی سەرزەنشتی دەکات. (حسێن، 2017: 12). بە کورتی جینۆساید مانای قڕکردنی مرۆڤەکان و پێشێلکردنی مافەکانیان و زەوتکردنی ژیانێکی ئارامە.(Sleman, 2015: 18) .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێوەر و پێوانانەی کە لە پەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاری جینۆسایدیدا لە 9ی دیسەمبەری ساڵی 1948ی زایینی لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتووە ، دەتوانین کۆی تاوانەکانی دژ بە گەلی کورد وەکو (ئەنفال، ئەنفالی بارزانییەکان، کیمیابارانی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژیی و ڕاگواستنی فەیلییەکان و ...هتد) لەسەر دەستی حکوومەتەکانی عێراق بە گشتیی و بەعس بەتایبەتی، بە جینۆساید بناسێنین. (سلێمان، 2021: 110). بەپێی هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، ئەوەی ڕژێمی بەعس لە پرۆسەی ئەنفال ئەنجامیداوە، تاوانی جینۆسایدە. (مەحمود، 2013: 28).

جۆرەکانی جینۆساید

1. جینۆسایدی جەستەیی: بەواتای کوشتن دێت، واتە لەناوبردن و کوشتنی ئەندامانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك، ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ، بەهەرشێوەیەك بێت؛ بە گوللەبارانکردن، زیندەبەچاڵکردن، سەرنگومکردن، ئیعدامکردن. (گوڵ، 2003: 11).
2. جینۆسایدی بایۆلۆژی: واتە بەربەستکردن و نەهێشتنی گەشەکردن و پێشکەوتن و زیادبوونی لەدایکبوون و زیادبوونی هەر کۆمەڵێك و جیاکردنەوە و دابڕاندنی پیاو و ئافرەت لە یەکتری و دابەشکردنی خێزان. (حەوێز، حەوێز، 2023).
3. جینۆسایدی کەلتووری: واتە نەهێشتن و ڕەشکردنەوەی شارستانییەت و کەلتووری نەتەوەیی و ناسنامە نەتەوەییەکان، وەك قەدەغەکردنی زمان و سڕینەوەی فۆلکلۆر و شێواندنی مێژوو و شوێنەوارەکان و کاڵکردنەوەی دابونەریتی نەتەوەیی و ڕابردووی هەر نەتەوەیەك. (مەعرووف، 2005: 25).
4. جینۆسایدی ئابووری: واتە لەناوبردن و وێرانکردنی سەرچاوەی بەرهەمی ئابووری و ژیانی نەتەوەیەك یا کۆمەڵە مرۆڤێك، وەك برسیکردن و بەتاڵانبردنی بەروبووم و بەرهەمەکانی کۆمەڵ و سەروەت و سامانیان و گەمارۆدانی ئابووری بەمەبەستی برسیکردنی خەڵکەکە و بەربەست دروستکردن و ڕێگریکردن لە بەرهەمهێنانی بەروبوومی خۆراك و دەستخستنی لایەنی ئابووری. (تاڵەبانی، عەلی، 2002: 18). ئەمەش وێرانکردنی زیاتر لە ٤٥٠٠ گوندی کوردستان دەگرێتەوە کە شوێنی نیشتەجێبوون و سەرچاوەی بژێوی و بەرهەمی خەڵک بووە لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

## 2.3 چەمکی ئەنفال، ئامانج و پرۆسەکانی

گەورەترین تاوان، لەناوبردن و پاکتاوی ڕەگەزیی(جینۆساید)، تاوانی ئەنفال بوو کە ڕژێمی عێراق لە ساڵی 1988 بەرامبەر خەڵکی کوردستان ئەنجامی دا. (حسێن، 2018: 9). ئەنفال کردەی ڕەواپێدان بوو بە سڕینەوەی نەتەوەیەك لەلایەن سوپایەکی شەڕەنگێزی داگیرکارەوە. (قادر، 2013: 19).

ئەنفال کۆی وشەی (نفل)ـە، (نفل)یش واتە (الغنيمة)، بە کوردی پێی دەڵێن دەستکەوت، مەبەستیش لەمە (زیادە)یە، چونکە (نفل) وەك لە (الراغب الاصفهاني) هاتووە: (النفل: اي الزيادة على الواجب)، لێرەوە ئەوەی وەك ئەرك ئەنجام دەدرێت پێی دەوترێت (واجب)، ئەوەش کە ئارەزوومەندانە و خۆبەخشانە

ئەنجام دەدرێت پێی دەوترێت (نافلة)، چونکە واجب نییە. (سدیق،2003: 12).

لە قورئانی پیرۆزدا سوورەتێك بەناوی (ئەنفال)ەوە تۆمارکراوە، لەو سوورەتەدا خوای گەورە دەفەرموێت: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنفَالِ ۖ قُلِ الْأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ ۖ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ ۖ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ). (سوورەتی ئەنفال، ئایەتی ژمارە 1). واتە: ئەی موحەممەد ﷺ پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی ئەوماڵەی لە جەنگدا دەگیرێت، کە کێ بەشی ئەکات و چۆن بەش ئەکرێت؟ تۆ پێیان بڵێ: حوکمی دەستکەوتی جەنگ عائیدە بە خودا و پێغەمبەری خودا. پێغەمبەری خودا بە ئەمری خودا بەشی ئەکا لە بەینتاندا، لە خودا بترسن و لەناو خۆتاندا ناکۆك مەبن و ناوبەین و پەیوەندییتان باش بکەن و بەگوێی خودا و پێغەمبەری خودا بکەن ئەگەر خاوەن ئیمانن. (مودەڕڕیس: 177). ئەم سوورەتە باس لە سەرکەوتنی موسڵمانان دەکات بە سەرکردایەتی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) بەسەر هاوبەشدانەراندا لە جەنگی بەدر، بەڵام ڕژێمی بەعس و سەرکردەکەی سەددام حوسێن و عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە (عەلی کیمیاوی) ئەو ناوەیان بڕی بەسەر هەڵمەتەکانی سەرکوتکردن و پاکتاوکردنی نەژادیی و بە عەرەبکردن و کۆمەڵکوژی دژی کورد و بۆردومانکردنیان بە چەکی کیمیاوی.(ئادەم، 2019: 40). کۆمەڵێ کاربەدەستی دوژمنی دین خۆیان بە جێگرەوەی پێغەمبەر ﷺ و شوێنگرەوەی یارانی دانا و گەلی کوردی موسڵمانیان بە کافر و بێ دین تاوانبار کرد و بڕیاریاندا ئەنفالیان بکەن. (شاخی، 2001: 65).

لە قورئانی پیرۆزدا ئەنفال مرۆڤ ناگرێتەوە، چونکە لە قورئاندا بە دەستگیرکراوی جەنگ دەوترێت دیل. هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ( وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِ مِسْكِينًا وَيَتِيمًا وَأَسِيرًا). (کامیل، 2011: 20).

ئامانجەکانی ئەنفال

بێگومان هەر پڕۆسەیەکی نەخشەو پلان بۆدارێژراو کە ئەنجام دەدرێت، مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە، گرنگترین ئامانجەکانی ئەنفال خۆی دەبینێتەوە لە: (بەرزنجی، 2019: 191)

لەناوبردنی شۆڕشی سیاسی و چەکداری میللەتی کورد.

تەعریبکردنی ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەتی کەرکوك.

کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتووانی کورد لە کوردستاندا بەشێوازی جۆراوجۆر، چ ڕاستەوخۆ یاخود لە ئایندەیەکی دوور یان نزیك.

گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی میللەتی کورد، هەروەك چۆن هەوڵی دابڕینی ئێزیدیی و شەبەکیی دەدات لە نەتەوەی کورد.

هەوڵدان بۆ تواندنەوەی کەسایەتیی نەتەوەی میللەتی کورد بەهۆی لێکدابڕانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان هۆز و خێزانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان.

هەوڵدان بۆ تواندنەوەی دابونەریتی ڕەسەنی کوردەواری، ڕژێمی عێراق ڕێگای گرتەبەر بۆ شێواندنی مێژوو و کلتووری نەتەوەی کورد.

پڕۆسەکانی ئەنفال

پڕۆسەکانی ئەنفال لای بەعس بریتی بوو لە چەند شاڵاو و پڕۆسەیەکی سەربازی، پێشتر نەخشە بۆکێشراو و بەرنامە بۆدارێژراو، بەپێی ستراتیژییەتێکی چڕ، لەپێناو پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژیی گەلی کورد و گواستنەوەیان لە شوێن و جێگەی خۆیان لە کوردستانی عێراق، بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاریی لە بوار جوگرافی و دیمۆگرافی و ڕۆشنبیری و کاول و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و لەناوبردن و تەسفیەکردنی جەستەیی، لە چوارچێوەی هەشت قۆناغ و لە شەش ناوچەی جۆراوجۆر و جیاوازدا، لە 21ی شوباتی 1988 تاوەکو 6ی ئەیلوولی هەمان ساڵی خایاند و زیاتر لە شەش مانگ بەردەوام بوو. (سەنگاوی، 2013: 7) .

قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال بەمشێوەیە ئەنجام دران:

ئەنفالی یەکەم: لە (23)ی شوبات تاوەکو (18)ی ئازاری 1988ی خایاند، ئەم شاڵاوەی ڕژێم بۆ سەر ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی لە سنوری قەزا و ناحیەکانی (دوکان، بنگرد، چوارتا، قەڵاچوالان، سەرچنار، سووورداش) دەستپێیکرد. (عەزیز، 2005: 66).

ئەنفالی دووەم: لە (22)ی ئازاری 1988 دەستپێیکرد تا (1)ی نیسانی 1988ی خایاند، بە هێرشکردن بۆ سەر ناوچەکانی بازیان و قەرەداخ دەستپێیکرد، لەم قۆناغەدا ڕژێم هەمووجۆرە چەکێك و تەکنەلۆژیای سەربازیی نوێی بەکارهێنا. (عەزەدین، حەسەن، 2011: 25).

ئەنفالی سێهەم: دڵڕەقانەترین پڕۆسەی ئەنفال بوو، لە ڕۆژە ڕەشەکەی (7)ی نیسان دەستپێیکرد، لە (14)ی نیسان گەیشتە بەرزترین پلەی تاوانی خۆی. ئەنفالی سێ ناوچەکانی گەرمیانی گرتەوە و تاوەکو (20)ی نیسانی خایاند. (نامق، 2013: 69).

ئەنفالی چوارەم: ئەم قۆناغە چەند ڕۆژێکی کەمی خایاند، لە (3) تاوەکو (8)ی مایسی 1988، سەدان گوندی ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی و دەشتی کۆیە و تەقتەقی گرتەوە و لە چەند ناوچەیەکیش بەتایبەتی لە قەڵاسێوکە و گوندەکانی عەسکەر و گۆپتەپە چەکی کیمیایی بەکارهات و سەدان هاوڵاتی شەهیدبوون. (فەرەج، 2013: 106) .

ئەنفالی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم: ئەم شاڵاوە لە (15)ی مایسی 1988 تا (26)ی ئابی 1988ی خایاند، شوێنی جوگرافی ئەنفالی پێنج ناوچەکانی بالیسان و هیرانی گرتەوە، بەڵام شوێنی جوگرافی شەش و حەوت ناوچەکانی شەقڵاوە و ڕەواندوز و خۆشناوی گرتەوە. (محەمەد، 2002: 275).

ئەنفالی هەشتەم (قۆناغی کۆتایی): ناوچەی بادینان، ئامێدی، ئاکرێ، زاخۆ، دهۆك، شێخانی گرتەوە، لە (25)ی ئاب تاوەکو (6)ی ئەیلوولی 1988ی خایاند. (کەرکوکی، 2021: 149).

## 2.4 پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا و تایبەتمەندییەکانیان

لە سەردەمی دیجیتاڵیی ئەمڕۆدا، پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بوونەتە ئامڕازی سەرەکیی گەیاندنی زانیاری و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی (Zaidan & Massoudi, 2025).هەر پلاتفۆرمێک لەمانە تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر شێوازی پێشکەشکردن و وەرگرتنی پەیام هەیە، گرنگترین پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەمڕۆدا بریتین لە:

أ- فەیسبووك: فەیسبووک یەکێکە لە کۆنترین و بەرفراوانترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا لەلایەن "مارك زوکەربێرگ" دامەزرێنرا. لە ئێستادا زیاتر لە (سێ ملیار) بەکارهێنەری چالاکی مانگانەی هەیە .((Kumar, N. 2025). ئەم پلاتفۆرمە تایبەتمەندی گرنگی هەیە لە درووستکردنی گرووپەکان و بڵاوکردنەوەی پۆستە نووسراوەکان. بەکارهێنەران دەتوانن دەق، وێنە، ڤیدیۆ و بەستەرەکان

هاوبەش بکەن، هەروەها لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیکە کۆمێنت و گفتوگۆ بکەن

ب- ئینستاگرام: ئینستاگرام لە ئاداری ٢٠١٠ لە شاری سان فرانسیسکۆ لە ئەمریکا دەستی بە کارکردن کرد و تەنیا تایبەت بوو بە سیستمی ئای ئۆ ئێس، ئینستاگرام هەر زوو ناوبانگی دەرکرد و توانی بەکارهێنەرێکی زۆر لە خۆی کۆبکاتەوە و خەڵک تامەزرۆی بەکارهێنانی بێت، ئەمەش وای کرد وەشانی تایبەت بە ئەندرۆیدیش بڵاوبکرێتەوە لە نیسانی ٢٠١٢ لە کەمتر لە یەک ڕۆژدا زیاتر لە یەک ملیۆن جار دابەزێنرێت.(ماڵپەڕی زانیاری). ئەم پێگەیە خۆڕاییە و ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات هاوبەشی بە وێنە و ڤیدیۆ بکەن، هەروەها گۆڕانکاریی تایبەت بۆ وێنە و دەستکاریکردن. (پاشا، پاشا، 2022: 29). هاوکات "ڕیلز"ەکان کە ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات ناوەڕۆکی کاتی یان درێژخایەن هاوبەش بکەن. لە ئێستادا زیاتر لە (دوو ملیار) بەکارهێنەری مانگانەی هەیە .((Dixon, S. J. 2025 .

ت- ئێکس: ئێکس کە پێشتر بە "تویتەر" دەناسرا، لە ساڵی ٢٠٠٦دا دامەزرێنرا. سەرەکیترین تایبەتمەندیی بریتییە لە نووسینی پەیامی کورت کە بە "تویت" دەناسرێت. یەکێکە لە گرنگترین پێگەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یەکێکە لە بەربڵاوترینیان لە جیهاندا، ئەم پێگەیە زاراوەی (هاشتاگ)ی داهێنا، کە زۆرێك لە پێگەکان بۆ پشتگیری و بەهێزکردنی شتێك، یان بابەتێك، یان بڵاوکراوەیەك بەکاری دەهێنن. (پاشا، پاشا، 2022: 27). لە ئێستادا زیاتر لە (650 ملیۆن) بەکارهێنەری مانگانەی هەیە .(SEO.ai. 2025) .

ث- تیکتۆك: بریتییە لە خزمەتگوزارییەکی ڤیدیۆیی کورت فۆرم کە لەلایەن کۆمپانیای ByteDance خاوەندارێتی دەکرێت. تیکتۆک پلاتفۆرمێکی سۆشیال میدیایە بۆ هاوبەشکردنی ڤیدیۆ کە دەتوانیت ڤیدیۆی کورت و ستوونی دروست بکەیت، دەستکاری بکەیت، هاوبەش بکەیت، بدۆزیتەوە و تەماشا بکەیت - لە چەند چرکەوە تا ١٠ خولەک .(sproutsocial.com) .ئەم پلاتفۆرمە مانگانە زیاتر لە (یەك ملیار و 500 ملیۆن) بەکارهێنەری چالاکی هەیە .(Singh, S. 2025) .

ج-سناپ چات: سناپچات ئەپێکی نامە ناردنە کە ڕێگەت پێدەدات وێنە، ڤیدیۆ یان نامەی کورتی خێرا بۆ هاوڕێکانت بنێری. ئەم وێنە و ڤیدیۆ و نامانە تەنها بۆ ماوەیەکی کورت بەردەست دەبن کاتێک کرانەوە. هەروەها دەتوانیت فلتەر لەسەر وێنەکانت بەکاربهێنیت و ستۆری وێنە و ڤیدیۆیی بار بکەیت کە بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر دەمێنێتەوە پێش ئەوەی نەمێنێت .(eSafety Commissioner. n.d.) . لەئێستادا مانگانە زیاتر لە (850 ملیۆن) بەکارهێنەری چالاکی هەیە (Singh, S. 2025).

ح-یوتیوب: یوتیوب گەورەترین پلاتفۆرمی هاوبەشکردنی ڤیدیۆیە لە جیهاندا، کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا دروست کراوە. بەکارهێنەرانی دەتوانن گرتەی ڤیدیۆ ببینن و لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەشداریی پێ بکەن و بۆ یەکتری بنێرن. (پاشا، پاشا، 2022: 28). لەم پلاتفۆرمەدا بەکارهێنەران دەتوانن کەناڵی تایبەتی خۆیان دروست بکەن و ڤیدیۆی پەروەردەیی، مێژوویی یان هۆشیاری بڵاو بکەنەوە، هاوکات پلاتفۆرمێکی زۆر بەهێزە بۆ فێرکردن و گەیاندنی زانیاریی دەربارەی ڕووداوە مێژووییەکان. بەپێی ئەو توێژینەوەیەی کە لەلایەن تیمی جی ئێم ئای ئەنجامدراوە، مانگانە زیاتر لە ٢.٧٠ ملیار کەس لە جیهاندا یوتیوب بەکاردەهێنن. (Global Media Insight. 2025).

## 2.5 میدیا و یادەوەری

کارکردن لەسەر یاد و بۆنە مێژووییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەنێو میدیادا و، کارکردن لە هەڵدانەوەی ئەو بیرەوەرییانە کە تایبەتن بە ڕووداوەکان و کلتوور و مێژووەوە بەچەند فۆرمێکی جیاواز دەخرێنەڕوو، لەوانە: فیلم، وێنە، تەلەفزیۆن و میدیای دیجیتاڵی، کە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی بیرهێنانەوە و لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان هەیە .(Lee, 2023) چەمکی یادەوەریی میدیایی پەیوەستە بە بیرۆکەی یادەوەریی بەکۆمەڵەوە، کە ئاماژەیە بۆ ئەزموون و بیرەوەرییە هاوبەشەکانی گرووپێک یان کۆمەڵگەیەک.(Halbwachs, 1992)

وەك چەمك، (بیرەوەری میدیایی) ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵناسی فەرەنسی (Maurice Halbwachs)کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بابەت و لێکۆڵینەوەی لەبارەی یادەوەری بە کۆمەڵ نووسیوە (Halbwachs, 1992).

سەرهەڵدانی تۆڕی ئینتەرنێت و میدیای دیجیتاڵی هۆکارێکی سەرەکی بووە لە پاراستنی مێژووی نەتەوە و ئایین و کلتوورەکان(Van der Hoeven, 2021) ، چونکە ئاسانکاری لە یاداشتکردنی مێژوو کردووە، تەواوی ڕووداوەکان و چیرۆکەکان بە ئاسانی دەخاتەڕوو، دەستڕاگەیشتنیش بۆ هەڵدانەوەی ئەو مێژووەی بەشێوەیەکی بەرچاو ئاسانکردووە(Jumardi, 2023) ، ئەمەش ڕاستەوخۆی کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە درووست دەکات کە بەو ڕێگەیە مێژووەکانیان دێتە پێش چاو (Liu, 2022).

تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، خاڵێکی وەرچەرخانە بۆ بەشداریکردنی تاك و کۆمەڵگە و ئاشنایەتی درووستکردن لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕابردوو و شاهێدحاڵەکان و چیرۆکگێڕەکان(Artamonov et al., 2023) ، ئەمەش وەك دەرفەتێك لە سەردەمی نوێی میدیا و سۆشیالمدیا هەژمار دەکرێت ، زۆرجار پرسیار درووست دەکەن و لەنێو ئەو مێژووە گێڕاوەدا بەدوایدا دەگەڕێن، ئەمە وەك هۆشیارییەك یاخود بەئاگایی بەراوردکاری لەنێوان ڕابردوو و ئێستا دەکرێت.(Liu, 2022)

دەکرێت ئەم گێڕانەوە و بیرهێنانەوەی مێژوویی و ڕووداوەکان ببێتە هۆکارێك بۆ خستنەڕووی ڕاستیی ئەو مێژووانەش کە بەهەر هۆکارێك بێت لەو قۆناغەدا نەبیستراوە یاخود ئاشکرا نەکراوە یاخود بێدەنگی لە بەرامبەردا کراوە (Van der Hoeven, 2021).چونکە میدیا دەتوانێت بیرەوەری لای تاك بەهێز بکات و هۆشیاری بۆ درووست دەکات بەرامبەر ڕووداوەکان .(Jumardi, 2023) بۆ نموونە چینییەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان وەك ئامرازێك بۆ گێڕانەوەی ئەزموونی ژیان بەکارهێناوە بۆ باسکردن لە شارستانییەتی رابردووی خۆیان و دەرفەتیان بەشێوەیەکی یەکسان ڕەخساندووە بۆ گەیاندنی چیرۆك و یادەوەرییەکانی خۆیان.(Liu, 2022)

بەپێی لێکدانەوەی زانستی پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆژیا و میدیا، گەشەی خێرای ئەو بوارە لەڕووی زانیاری و پەیوەندییەکان و بەتایبەتی لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا، جۆرێك لە دەرفەت و ئاڵنگاری درووستکردووە بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاریی مێژوویی(Artamonov et al., 2023) ، ئەمەش بەهۆی کاڵکردنەوەی سنوورەکان بەهۆی پێشکەوتوویی تەکنەلۆژیا (Lee, 2023) ، لە هەمانکاتیشدا بووەتە هۆکاری دارشتنەوەی یادەوەرییەکان بۆ ئاسان دەستگەیشتن بەو یادەوەرییانە

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp124-137

(Jumardi, 2023).

### 2.6 رۆڵی سۆشیال میدیا لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دەربارەی ئەنفال

میدیا کاریگەریی زۆری لە بواری مێژوویی هەیە و ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی کولتوور و رووداوە مێژووییەکان، لەم نێوەندەدا سۆشیال میدیا رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لەو پرۆسەیەدا، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە گەنج کەمتر حەز و خولیای بۆ میدیای تەقلیدیی ماوە و زیاتر بەکاربەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن (Massoudi 2025) (رێشاوی، 2025). یەکێک لە ئەرکەکانی میدیای تەقلیدی و میدیای نوێ بەرامبەر کۆمەڵگە، بریتییە لە هۆشیاریی گشتی، لێرەشەوە دەکرێت هەنگاو بەرەو ئاراستەکردنی کۆمەڵگایەکی درووست بنرێت، ئەمەش بە پێشکەشکردنی ناوەڕۆکێکی جوان و بەنرخ و بەسوود دەبێت. (حسێن،2023). سۆشیال میدیا رۆڵی هەبووە لە نیشاندانی دیمەنەکانی تایبەت بە ئەنفال، هەروەها لەو رووماڵەی کە کردوویەتی رۆڵێکی هۆشیارکەرەوانەی هەبووە، بەڵام رۆڵەکە زۆر گەورە نەبووە، چونکە ئەم بابەتە نەبووەتە چەق و پرسی گەورە لای قوتابیان، ئەولەویەتییان نییە، هۆکاریش زۆرن، یەکێك لەوانە گەنجان خۆیان کێشەیان زۆرە و خواستی دیکەی لەپێشینەیان هەیە بۆ ئێستا و داهاتوویان، بۆیە سۆشیال میدیا لەکاتی بۆنەکاندا رۆڵی ئەرێنیی گێڕاوە، بەڵام ئەم رۆڵە لەچاو ئەو کۆسپانەی کە هەن ناتوانین بڵێین زۆر هۆشیاریی کردوونەتەوە. هاوکات، رۆڵی هەبووە لەوەی وێنەیەکی راستەقینە و درووست لە جینۆسایدی ئەنفال پێشکەش بکات، لایەنی زۆری خستووەتەڕوو، بەڵام رێکخراو نییە و نەیتوانیوە هەموو لایەنەکانی ئەنفال بخاتەڕوو. (سەنگاوی، 2025). زۆرینەی قوتابیان مەعریفەیان هەیە لەسەر جینۆسایدی ئەنفال، بەڵام ئەو مەعریفەیە قووڵ نییە و تەنها چەند زانیارییەکی سەرەتاییە، بۆیە پێویستە هەر یەکێك لەو کەناڵە تەلەفزیۆنیانەی کە پێگەیان لە سۆشیال میدیا هەیە، بە بەردەوامیی رووماڵ و چارەسەری بەردەوامیان هەبێت بۆ ئەو بابەتە، وەك چاوپێکەوتن لەگەڵ رزگاربووان و قوربانیانی جینۆسایدی ئەنفال. (نامق، 2025).

## 3. رێبازنامەی توێژینەوەکە(میتۆدنامە)

لەم بەشەدا ئەو هەنگاوە زانستییانە ئاماژە پێ دەکەین کە لە توێژینەوەکەدا بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە و هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوە و پێوەری راستی و رادەی جێگیری و خستنەرووی ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان خراونەتەڕوو.

### 3.1 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم قوتابیانی زانکۆی جیهان-هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی 2024-2025 لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ، کە لە کۆلێژ و قۆناغە جیاوازەکاندا درێژە بە خوێندنی ئەکادیمی دەدەن. ئەمە گرنگییەکی تایبەتی هەیە چونکە قوتابیانی زانکۆ وەک توێژێکی خوێندەوار و کاریگەر، رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ئاییندەی کۆمەڵگاکەمان و، هۆشیاریی ئەوان دەربارەی کێشە و پرسە نەتەوەیی و مێژووییەکان وەک جینۆسایدی ئەنفال کاریگەری لەسەر داهاتووی کۆمەڵگا هەیە.

### 3.2 نموونەی توێژینەوەکە

نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لەو تاکانەی کە بەشدارییان لە توێژینەوەکەدا کردووە و نوێنەری زۆرینەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەن، کە بریتیین لە قوتابیانی بەشەکانی (راگەیاندن، یاسا، کارگێڕیی گشتی، ژمێریاری، ئەندازیاری بیناسازی، زانستی کۆمپیوتەر، ددان، سڕکردن، چارەسەری سرووشتی، ئینگلیزی) .

### 3.3 جۆر و رێبازی توێژینەوەکە و کەرەستەکانی توێژینەوە

جۆری توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفییە، کە راڤەکردنێکی ورد بۆ ئەو داتا و زانیارییانە دەکات کە توێژەران کۆیان کردۆتەوە، بۆ گەیشتن بە داتا و زانیارییەکانیش رێبازی رووپێوی بەکارهاتووە، کە یەکێکە لە رێبازە زانستییە باو و بەکارهاتووەکانی توێژینەوە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، لەنێویشیاندا توێژینەوەکانی بواری راگەیاندن.

بۆ دەستخستن و کۆکردنەوەی داتا و زانیاریی لەم توێژینەوەیەدا، توێژەران سوودیان لەم کەرەستانە وەرگرتووە: فۆڕمی راپرسی؛ کە ئامرازێکی گرنگی کۆکردنەوەی زانیارییە لە توێژینەوەی وەسفییدا، چاوپێکەوتن، سەرنجدان و تێبینیکردن، هەروەها بەرنامەی ئاماریی SPSS بۆ شیکردنەوەی داتای ئاماریی توێژینەوەکە.

### 3.4 پێوەری راستیی رواڵەتی و فۆڕمی راپرسی

توێژەران بۆ دەستکەوتنی پێوەری راستیی پشتیان بە (پێنج) پسپۆڕی ئەکادیمی لە بوارەکانی راگەیاندن و ئامار بەستووە. دوای هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان و ئەنجامدانی کاری ژمێریاریی بۆ کاری فۆڕمەکان دەرکەوت رێژەی راستیی رواڵەتی بریتییە لە(84%)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە راستیی فۆڕمەکە رێژەیەکی بەرزی وەرگرتووە، ئەوەش نیشانەی راستەقینەی راستییە بۆ پێوەرەکە و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر تاکی توێژینەوەکە.

فۆڕمی راپرسی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییە سەبارەت بەبابەتی توێژینەوە، کە لەرێگەی پرسیارنامەوە لەلایەن بەرتوێژانەوە پردەکرێتەوە. فۆڕمی راپرسییەکە پێکهاتووە لە (5) پرسیاری گشتی و(16) پرسیاری تایبەت بە توێژینەوەکە.

### 3.5 رادەی جێگیریی فۆڕی راپرسیی توێژینەوەکە

بۆ دڵنیابوون لەرادەی جێگیریی بڕگەکانی فۆڕمی راپرسی ئەم توێژینەیوە، توێژەران هاوکێشەی(ئالفا کرۆنباخ)یان بەکارهێناوە. لەم توێژینەوەیەدا نزمترین بەهای بریتییە لە (0.793) کە ئەمەش بەهایەکی بەرزی رادەی جێگیریی بۆ ئەنجامدانی پرسیارەکانی فۆڕمی راپرسی نیشان دەدات (Massoudi & Zaidan, 2025).

بریتییە لەو ئامرازە ئامارییانەی کە توێژەران بۆ دەستکەوتنی ئەنجامەکان بەمەبەستی شیکردنەوەی داتاکان بەکاریان دەهێنێت. توێژەران ئامرازی (SPSS)یان بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی داتای ئاماریی توێژینەوەکە، کە بە سستەمێکی پێشکەوتوو و گرنگ دادەنرێت بۆ شیکردنەوەی داتاکان و چەند یاسایەك تێیدا بەکارهاتوون.

## 4. شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕووی زانیارییەکانی فۆرمی ڕاپرسی

خشتەی (١) ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە

| ڕەگەز | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| نێر | 91 | %52.6 |
| مێ | 82 | %47.4 |
| **کۆی گشتی** | **173** | **%100** |

بەپێی زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (1)، ڕوون بووەتەوە ئەو کەسانەی بەشداریی توێژینەوەکەیان کردووە و لە ڕەگەزی (نێر)ـن ژمارەیان (91) کەسە کە دەکاتە ڕێژەی (52.6%)ی نموونەی توێژینەوەکە، هەروەها (82) بەشداربووی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی (مێ)ن و ڕێژەی (47.4%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، ڕێژەی بەشداریکردنی هەردوو ڕەگەز لە توێژینەوەکە تارادەیەکی زۆر نزیکە لە یەکەوە، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە نموونەی توێژینەوەکە نوێنەرایەتی هەردوو ڕەگەز دەکات.

خشتەی (٢) تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە

| ئاستی تەمەن | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| 18-22 | 100 | %57.8 |
| 23-27 | 45 | %26 |
| 28-32 | 13 | %7.5 |
| 37-33 | 8 | %4.6 |
| زیاتر لە 37 ساڵ | 7 | %4 |
| **کۆی گشتی** | **173** | **%100** |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی ژمارە(٢)، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە تەمەنیان لەنێوان(18-22) ساڵییدایە، بەڕێژەی(57.8%) هەروەها (45) کەس لە نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لەنێوان (23-27) ساڵییدایە و ڕێژەی (26%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێك دەهێنن، بەوپێیەش زۆرینەی سامپڵی ئەم توێژینەوەیە تەمەنیان لەنێوان (18-27) ساڵییدایە بە ڕێژەی (83.8%)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە نموونەی توێژینەوەکە نوێنەرایەتی نەوەی نوێ دەکات کە لە دوای ڕووداوەکانی جینۆسایدی ئەنفالەوە لەدایك بوون، ئەمەش گرنگە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی سۆشیال میدیا لەسەر هۆشیاریی نەوەی نوێ دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال.

خشتەی (٣) قۆناغی ئەکادیمی سامپڵی توێژینەوەکە

| قۆناغی ئەکادیمی | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| یەکەم | 87 | %50.3 |
| دووەم | 10 | %5،8 |
| سێیەم | 47 | %27.2 |
| چوارەم | 27 | %15.6 |
| پێنجەم | 2 | %1.2 |
| **کۆی گشتی** | 173 | %100 |

بە سەرنجدان لە خشتەی ژمارە (3)، دەردەکەوێت ئەو بەشداربووانەی لە قۆناغی (یەکەم)ی خوێندنن ژمارەیان (87) کەسە و ڕێژەی (50.3%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن، هەرچی قۆناغی (سێیەم)ە ژمارەیان (47) کەسە و بە ڕێژەی (27.2%) لە پلەی دووەم دێن، هەروەها ڕێژەی (15.6%)ی نموونەی توێژینەوەکە لە قۆناغی (چوارەم)ی خوێندنن کە ژمارەیان (27) کەسە، بەشداربووانی توێژینەوەکە لە قۆناغی (دووەم) ژمارەیان (10) کەسە و ڕێژەی (5.8%)ی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

خشتەی (4) ڕێژەی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکە

| ڕێژەی بەکارهێنان | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| بەکاری ناهێنم | 2 | %1.2 |
| ڕۆژانە کەمتر لە 2 کاتژمێر | 22 | %12.7 |
| ڕۆژانە 2-3 کاتژمێر | 69 | %39.9 |
| ڕۆژانە 4-7 کاتژمێر | 50 | %28.9 |
| ڕۆژانە زیاتر لە 8 کاتژمێر | 30 | %17.3 |
| **کۆی گشتی** | **173** | **%100** |

بە وردبوونەوە لە خشتەی ژمارە(4)، ڕووندەبێتەوە کەوا زۆربەی بەشداربووانی توێژینەوەکە ڕۆژانە (2-3) کاتژمێر سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن کە ژمارەیان (69) کەسە و ڕێژەی (39.9%) پێکدەهێنن، هاوکات ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە (4-7) کاتژمێر سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن ژمارەیان (50) کەسە و ڕێژەی (28.9%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێك دەهێنن، هەر بەپێی زانیارییەکانی ناو خشتەکە، (30) تاك لە نموونەی توێژینەوەکە ڕۆژانە زیاتر لە (8) کاتژمێر سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن کە دەکاتە ڕێژەی (17.3%). لێرەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی 98.8%ـی بەشداربووان بە جۆرێك لە جۆرەکان سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، هەروەها زۆرینەی بەشداربووان (68.8%) لە نێوان 2-7 کاتژمێر ڕۆژانە سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن. بەکارهێنانی بەرفراوانی سۆشیال میدیا لەلایەن قوتابیانی زانکۆوە دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر هۆشیاری دەربارەی جینۆسایدی.

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp124-137

خشتەی (5) پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیال میدیا توێژینەوەکە

| جۆری پلاتفۆرم | دووبارەبوونەوە | ڕێژە |
|---|---|---|
| فەیسبووک | 40 | %12 |
| ئینستاگرام | 79 | %23.7 |
| سناپ چات | 69 | %20.7 |
| تیکتۆك | 70 | %21 |
| ئێکس | 21 | %6.33 |
| یوتیوب | 40 | %12 |
| پلاتفۆرمی دیکە | 14 | %4.2 |
| **کۆی گشتی** | **333** | **%100** |

لە خشتەی ژمارە (5)دا کە نموونەی توێژینەوەکە بۆیان هەبووە زیاتر لە وەڵامێك هەڵبژێرن ڕوونکراوەتەوە، زۆربەی بەشداربووانی توێژینەوەکە پلاتفۆرمی (ئینستاگرام) بەکاردەهێنن کە ڕێژەی (23.7%)ی توێژینەوەکە پێك دەهێنن، پاشان بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمی (تیك تۆك) دێت بە ڕێژەی (21%)، هەرچی پلاتفۆرمی (سناپ چات)ە،ڕێژەی (20.7%) نموونەی توێژینەوەکە پێك دەهێنن، پلاتفۆرمەکانی (فەیسبووك و یوتیوب)ـن لە پلەکانی چوارەم و پێنجەم دێن بەڕێژەی (12%). لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە کەوا پلاتفۆرمە بینراوەکانی (ئینستاگرام، تیك تۆك، سناپ چات) زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە، ئەمەش نیشاندەری گرنگی فۆڕماتی بینراو (وێنە و ڤیدیۆ)یە بۆ گەیاندنی زانیاری بە نەوەی نوێ.

خشتەی (6) هۆشیاری و بەرکەوتن بە ناوەڕۆکی جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیال میدیا

| ڕادە / دەستەواژەکان | بەتەواوی هاوڕام ژ | بەتەواوی هاوڕام % | هاوڕام ژ | هاوڕام % | بێلایەنم ژ | بێلایەنم % | ناهاوڕام ژ | ناهاوڕام % | بەتەواوی ناهاوڕام ژ | بەتەواوی ناهاوڕام % | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لە سۆشیال میدیادا تووشی ناوەڕۆکی پەیوەست بە جینۆسایدی ئەنفال دەبم | 40 | 23.1 | 48 | 27.7 | 39 | 22.5 | 24 | 13.9 | 22 | 12.7 | 3.35 | 1.32 | %67 |
| فۆڵۆوی ئەو ئەکاونتانەی سۆشیال میدیا دەکەم کە بە تایبەتی گرنگی بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک دەدەن سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال | 32 | 18.5 | 53 | 30.6 | 47 | 27.2 | 18 | 10.4 | 23 | 13.3 | 3.31 | 1.26 | %66 |
| سۆشیال میدیا سەرچاوەی سەرەکیی من بوو بۆئەوەی لە سەرەتادا زانیاریم لەسەر جینۆسایدی ئەنفال هەبێت | 32 | 18.5 | 63 | 36.4 | 26 | 15 | 27 | 15.6 | 25 | 14.5 | 3.29 | 1.33 | %66 |
| ناوەڕۆکەکان سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال زیاتر لە سۆشیال میدیا لە کاتی ساڵڕۆژ یان یادکردنەوەکاندا دەردەکەون | 53 | 30.6 | 64 | 37 | 21 | 12.1 | 18 | 10.4 | 17 | 9.8 | 3.68 | 1.28 | %74 |
| | | | | | | | | | | | **3.41** | **1.30** | **%68** |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی ژمارە (6) بڕگەی (1)، بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا زیاتر لە نیوەی بەشداربووان کە ڕێژەکەیان 50.8%ـە (88 کەس) هاوڕان کە لە سۆشیال میدیادا تووشی ناوەڕۆکی پەیوەست بە جینۆسایدی ئەنفال دەبن، ئەمەش دەریدەخات کە سۆشیال میدیا وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری بۆ ئەم بابەتە مێژووییە بەکاردێت. هاوکات ڕێژەی 26.59% (46 کەس) لە بەشداربووان پێیان وایە کە تووشی ناوەڕۆکی پەیوەست بە ئەنفال نابن لە سۆشیال میدیادا.

بڕگەی دووەم دەریدەخات کەوا ڕێژەی 49.1% (85 کەس) لە بەشداربووان هاوڕان کە فۆڵۆوی ئەو ئەکاونتانە دەکەن کە گرنگی بە هۆشیارکردنەوە دەدەن دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال، ئەم ڕێژەیەش ئەوە نیشان دەدات کە نزیکەی نیوەی بەشداربووان بە ئەنقەست و بەشێوەیەکی چالاکانە بەدوای ناوەڕۆکی پەیوەست بە ئەنفال دەگەڕێن لە ڕێگەی فۆڵۆوکردنی ئەو ئاکاونتانەوە. لە پرسیاری پێشوو، 50.87% دەڵێن تووشی ناوەڕۆکی پەیوەست بە ئەنفال دەبن، لە کاتێکدا لێرەدا 48.58% دەڵێن فۆڵۆوی ئەو ئەکاونتانە دەکەن. ئەم نزیکبوونەوەی ڕێژانە پێمان دەڵێت کە زۆربەی ئەوانەی تووشی ناوەڕۆکی پەیوەست بە ئەنفال دەبن، هەمان ئەو کەسانەن کە بە ئەنقەست فۆڵۆوی ئەو ئەکاونتانە دەکەن .

لە بڕگەی سێهەمی خشتەکەدا، زانیارییەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کەوا ڕێژەی 54.9% (95 کەس) لە بەشداربووان هاوڕان کە سۆشیال میدیا سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکانیان بووە دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال، ئەمەش نیشان دەدات کە سۆشیال میدیا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە هۆشیارکردنەوەی نەوەی نوێ سەبارەت بە ڕووداوە مێژووییەکان. هاوکات ڕێژەی 30.1% (52 کەس) لە بەشداربووان ڕایان وایە کە سۆشیال میدیا سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانیان نەبووە، ئەوەش نیشانی دەدات کە سەرچاوەی دیکەی گرنگ هەن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ئەنفال. ڕێژەی هاوڕایی (54.9%) لەم پرسیارە زیاترە لە ڕێژەی فۆڵۆوکردنی ئەکاونتەکان (49.1%)، کە دەرخەری ئەوەیە سۆشیال میدیا تەنانەت بۆ ئەوانەش

کە بە ئەنقەست فۆلۆوی ئەو ئەکاونتانە ناکەن، سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری بووە.
پێدراوەکانی بڕگەی چوارەم نیشانی دەدەن کە ڕێژەی 67.6% کە دەکاتە (117 کەس) لە بەشداربووان هاوڕان کە ناوەڕۆکی پەیوەست بە ئەنفال زیاتر لە کاتی ساڵڕۆژ و یادکردنەوەکاندا دەردەکەوێت. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە هۆشیاری دەربارەی ئەنفال لە سۆشیال میدیادا چڕدەبێتەوە لە کاتە تایبەتەکاندا، نەک رووماڵکردنی بەشێوەیەکی بەردەوام.

خشتەی (7) جۆرەکانی ناوەڕۆک و فۆڕماتی سۆشیاڵمیدیا تایبەت بە جینۆسایدی ئەنفال

| ڕادە / دەستەواژەکان | بەتەواوی هاوڕام | | هاوڕام | | بێلایەنم | | ناهاوڕام | | بەتەواوی ناهاوڕام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | |
| وێنەی مێژوویی لە سۆشیاڵ میدیا کاریگەرترین فۆرماتە بۆ تێگەیشتن لە جینۆسایدی ئەنفال | 64 | 37 | 71 | 41 | 21 | 12.1 | 13 | 7.5 | 4 | 2.3 | 4.03 | 1.00 | %81 |
| ڤیدیۆ بەڵگەنامەییەکان لە سۆشیاڵ میدیا زیاتر سەرنج ڕادەکێشن لەچاو جۆرەکانی تری ناوەڕۆک دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال | 51 | 29.5 | 72 | 41.6 | 29 | 16.8 | 15 | 8.7 | 6 | 3.5 | 3.85 | 1.05 | %77 |
| چیرۆکی کەسی و شایەتحاڵی ڕزگاربووان لە سۆشیاڵ میدیا کاریگەری قووڵتریان لەسەر تێگەیشتن هەیە لەچاو داتا و ئامارەکان | 58 | 33.5 | 73 | 42.2 | 23 | 13.3 | 13 | 8.1 | 5 | 2.9 | 3.95 | 1.03 | %79 |
| زیاتر ناوەڕۆکی کورت سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیاڵ میدیا دەخوێنمەوە لەچاو ناوەڕۆکی درێژ | 52 | 30.1 | 57 | 32.9 | 33 | 19.1 | 14 | 7.5 | 18 | 10.4 | 3.65 | 1.27 | %73 |
| | | | | | | | | | | | **3.87** | **1.09** | **%77** |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی ژمارە (7) بڕگەی (5)، بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا زۆرینەی بەشداربووەکان کە ژمارەیان (135 کەس)ە و ڕێژەی (80%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن پێیان وایە وێنەی مێژوویی لە سۆشیال میدیا کاریگەرترین فۆرماتە بۆ تێگەیشتن لە جینۆسایدی ئەنفال، ئەم ئەنجامەش نیشانی دەدات کە وێنە توانایەکی بەهێزی هەیە لە ناساندنی ڕاستییە مێژووییەکاندا.
بڕگەی شەشەم لە خشتەی ژمارە (7) دەریدەخات کەوا ڕێژەی 71.1% (123 کەس) لە بەشداربووان پێیان وایە ڤیدیۆی بەڵگەنامەیی زیاتر سەرنج ڕادەکێشێت لەچاو جۆرەکانی تری ناوەڕۆک. وەك دەردەکەوێت، وێنەی مێژوویی کاریگەری زیاتری هەیە لە رووی هاوڕاییەوە، بەڵام ڤیدیۆی بەڵگەنامەییش خاوەنی ڕێژەیەکی بەرچاوی هاوڕاییە (٧١٪). ئەم ئەنجامە نیشانی دەدات کە هەردوو فۆرماتەکە (وێنە و ڤیدیۆ)کاریگەرن، بەڵام وێنە مێژووییەکان لەڕووی پشتگیرییەوە پێشتر خراون.
لە بڕگەی حەوتەمدا، زانیارییەکان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کەوا ڕێژەی 75.7% (131 کەس) لە بەشداربووان هاوڕان کە چیرۆکی کەسیی ڕزگاربووان کاریگەری قووڵتری هەیە لە چاو داتا و ئامارەکان .
پێدراوەکانی بڕگەی هەشتەم نیشانی دەدەن کە ڕێژەی 63% کە دەکاتە (109 کەس) لە بەشداربووان زیاتر ناوەڕۆکی کورت سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیال میدیا دەخوێننەوە لەچاو ناوەڕۆکی درێژ .
شیکردنەوەی هەر چوار بڕگەکە دەریدەخات کە هەموو فۆرماتەکانی بڵاوکردنەوە لە سۆشیالمیدیا کاریگەرییان لەسەر هۆشیاری قوتابیانی زانکۆ دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال هەیە، هەر یەکەو بەڕێژەیەک، بەڵام کاریگەرترین فۆرمات وێنە مێژووییەکان و چیرۆکی کەسییە کە قوتابیان زۆرترین کارلێکیان لەگەڵیدا کردووە. ڤیدیۆ بەڵگەنامەییەکانیش وەک فۆرماتێکی کاریگەر دەردەکەون، بەڵام کەمتر لە وێنە و چیرۆکی کەسی.

خشتەی (8)کاریگەری و متانەی ناوەڕۆکی سۆشیال میدیا سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال

| ڕادە / دەستەواژەکان | بەتەواوی هاوڕام | | هاوڕام | | بێلایەنم | | ناهاوڕام | | بەتەواوی ناهاوڕام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | |
| زانیاری دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال کە لە سۆشیال میدیا بڵاودەکرێتەوە بە گشتی جێی متمانە و درووستە | 32 | 18.5 | 47 | 27.2 | 42 | 24.3 | 36 | 20.8 | 16 | 9.2 | 3.25 | 1.240 | %65 |
| بە شێوەیەکی ئاسایی زانیارییەکان سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال کە لە سۆشیال میدیادا دەیدۆزمەوە لە ڕێگەی سەرچاوەی دیکەوە پشتڕاست دەکەمەوە | 27 | 15.6 | 56 | 32.4 | 51 | 29.5 | 23 | 13.3 | 16 | 9.2 | 3.32 | 1.165 | %66 |
| نیگەرانم لەوەی زانیاری هەڵە سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیال میدیا بڵاودەبێتەوە | 58 | 33.5 | 65 | 37.6 | 30 | 17.3 | 12 | 6.9 | 8 | 4.6 | 3.88 | 1.094 | %78 |
| زانیاری لەسەر جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیال میدیا هەندێک جار دژایەتی ئەو شتانە دەکات کە لە سەرچاوەی ترەوە فێری بووم | 39 | 22.5 | 58 | 33.5 | 44 | 25.4 | 16 | 9.2 | 16 | 9.2 | 3.51 | 1.204 | %70 |
| | | | | | | | | | | | **3.49** | **1.18** | **%70** |

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی ژمارە (8) بڕگەی (9)، بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا زۆرینەی بەشداربووەکان کە ژمارەیان (79 کەس)ە و ڕێژەی (45.7%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن متمانەیان بە زانیاری دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال هەیە کە لە سۆشیال میدیا بڵاودەکرێتەوە، هاوکات (52 کەس) بەڕێژەی (30%) پێیان وایە ئەو زانیاریانەی دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیال میدیا بڵاودەکرێنەوە جێگەی متمانە نین،ئەم ئەنجامەش نیشانی دەدات سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژەیەکی زۆر لە بەشداربووان متمانەیان بە زانیاری دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال هەیە کە لە سۆشیال میدیا بڵاودەکرێتەوە، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاویان ڕای پێچەوانەیان هەیە، ئەمەش دەرخەری ئەگەری هەبوونی زانیاریی هەڵە یان نادرووستە لە سۆشیال میدیا دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال.

بڕگەی دەیەم دەریدەخات کەوا ڕێژەی 48% (83 کەس) لە بەشداربووان زانیارییەکان سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال کە لە سۆشیال میدیادا بڵاودەکرێتەوە لە ڕێگەی سەرچاوەی دیکەوە پشتڕاستی دەکەنەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕێژەی پشتڕاستکردنەوە لە ڕێژەی متمانە بە زانیارییەکانی سۆشیال میدیا زیاترە، هاوکات (39 کەس) لە بەشداربووان بە ڕێژەی (22.5%) هیچ هەوڵێك بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان نادەن. ئەنجامەکان نیشان دەدەن کە قوتابیانی زانکۆ ئاستێکی قەناعەتبەخشیان هەیە لە پشتڕاستکردنەوەی زانیاری مێژوویی، بەڵام هێشتا بوونی کەلێنێکی گەورەی بێلایەن (29.5%) ئاماژە بە پێویستیی کاری زیاتر دەکات بۆ بەهێزکردنی کولتووری پشتڕاستکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە زانیارییە بڵاوکراوەکانی ناو سۆشیال میدیا.

لە بڕگەی یازدەهەمی خشتەکەدا، زانیارییەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە کەوا ڕێژەی 71.1% (123 کەس) لە بەشداربووان نیگەرانن لەوەی زانیاریی هەڵە لە سۆشیال میدیا دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال بڵاودەبێتەوە، ئەمەش نیشاندەری ئاستێکی بەرزی هۆشیارییە کە قوتابیان لە مەترسیی بڵاوبوونەوەی زانیاریی هەڵە تێدەگەن .

پێدراوەکانی بڕگەی دوازدەهەم نیشانی دەدەن کە ڕێژەی 56% کە دەکاتە (97 کەس) لە بەشداربووان پێیان وایە زانیاری لەسەر جینۆسایدی ئەنفال کە لە سۆشیال میدیا بڵاودەکرێتەوە هەندێکجار دژایەتی ئەو شتانە دەکات کە لە سەرچاوەی ترەوە وەریانگرتووە، کە ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە لەلایەن قوتابیانەوە.

خشتەی (9) وەڵامدانەوەی سۆزداری و باشترکردنی هۆشیاری سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال

بەپێی پێدراوەکانی خشتەی ژمارە (9) بڕگەی (13)، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا زۆرینەی بەشداربووەکان کە ژمارەیان (137 کەس)ە و ڕێژەی (79.2%)ی نموونەی توێژینەوەکە پێك دەهێنن هەستی هاوسۆزییان لەگەڵ قوربانیانی جینۆسایدی ئەنفالدا هەیە، کە نیشاندەری کاریگەریی بەهێزی ناوەڕۆکی سۆشیال میدیایە، هاوکات تەنها ڕێژەی (9.8%)ی بەشداربووان هیچ هاوسۆزییەکیان نییە، کە نیشاندەری ئەوەیە کە زۆرینەی قوتابیان بە شێوەیەکی ئەرێنی لەگەڵ ئەم بابەتەدا مامەڵە دەکەن، ڕێژەی (11%)ی بەشداربووانیش بێلایەنن. ئەم ئەنجامانە نیشاندەری ئەوەن کە سۆشیال میدیا کارایی بەرچاوی هەیە لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری و دروستکردنی هەستی هاوسۆزی لەنێو قوتابیانی زانکۆدا دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال.

بڕگەی چواردەهەم لە خشتەی ژمارە (9) دەریدەخات کەوا ڕێژەی 74.5% (129 کەس) لە بەشداربووان هەستیان بە خەم و پەژارە کردووە لەکاتی بینینی بابەت و ناوەڕۆکەکانی تایبەت بە جینۆسایدی ئەنفال، کە نیشاندەری کاریگەریی قووڵی ئەم ناوەڕۆکانەیە لەسەر دەروونی بەشداربووان. بەپێی دەرەنجامەکان، هەستی هاوسۆزی (79.2%) زیاترە لە کاریگەری دەروونی (74.5%)، ئەوەش نیشاندەری ئەوەیە کە بەشداربووان هەم هاوسۆزییان هەیە و هەم کاریگەریی دەرونییان لەسەر بووە لە کاتی بینینی ناوەڕۆکەکانی تایبەت بە جینۆسایدی ئەنفال.

لە بڕگەی پازدەهەمدا، زانیارییەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە کەوا ڕێژەی 68.8% (119 کەس) لە بەشداربووان هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە ناوەڕۆکی سۆشیال میدیا

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp124-137

دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال هەستی پاڵنەریان زیاد دەکات بۆ داکۆکیکردن لە دادپەروەری بۆ قوربانییەکان، ئەمە نیشانەی کاریگەری بەهێزی ناوەڕۆکی مێژووییە لەسەر هەستی بەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی. ئەم ئەنجامە نیشانی دەدات کە ناوەڕۆکی مێژوویی توانای بەرزکردنەوەی هەستی بەرپرسیارێتی هەیە. جیاوازی نێوان هاوسۆزی (79.2%) و پاڵنەری داکۆکیکردن (68.8%) نیشاندەری ئەوەیە کە (10.4%)ی قوتابیان هاوسۆزییان هەیە بەڵام پاڵنەریان نییە بۆ کردار.

پێدراوەکانی بڕگەی شازدەهەم نیشانی دەدەن کە ڕێژەی 67.1% کە دەکاتە (116 کەس) لە بەشداربووان پێیان وایە کە ناوەڕۆکی سۆشیال میدیا سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال هەستی ناسنامەی نەتەوەییانی بەهێزتر کردووە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاوە کە دەرخەری گرنگی ئەم ئامرازە نوێیەیە لە پارێزگاری لە بیرەوەری نەتەوەیی. هاوکات، ڕێژەی ناهاوڕایی لەم بڕگەیەدا بریتییە لە 15.6%ی بەشداربووان، ئەم ڕێژەیەش نیشانی دەدات کە لەوانەیە ئەو بەشداربووانە پەیوەندییەکی کەمیان بە بابەتەکەوە هەبێت، یاخود ناوەڕۆکی سۆشیال میدیا نەیتوانیبێت کاریگەری لەسەر هەستی ناسنامەی کولتووریان درووست بکات.

خشتەی (9) وەڵامدانەوەی سۆزداری و باشترکردنی هۆشیاری سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال

| ڕادە / دەستەواژەکان | بەتەواوی هاورام | | هاورام | | بێلایەنم | | ناهاورام | | بەتەواوی ناهاورام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | | | |
| ناوەڕۆک سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیال میدیادا بە شێوەیەکی گشتی هەستێکی بەهێزی هاوسۆزی لە مندا دەورووژێنێت | 70 | 40.5 | 67 | 38.7 | 19 | 11.0 | 14 | 8.1 | 3 | 1.7 | 4.08 | 0.997 | %82 |
| هەستم بە خەم و پەژارەی بەکۆمەڵ کردووە لە کاتی خەریکبوونم بە ناوەڕۆکی جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیال میدیادا | 58 | 33.5 | 71 | 41.0 | 29 | 16.8 | 9 | 5.2 | 6 | 3.5 | 3.96 | 1.014 | %79 |
| دوای بینینی ناوەڕۆک سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیال میدیا، زیاتر هەست بە پاڵنەر دەکەم بۆ داکۆکیکردن لە دادپەروەری بۆ قوربانییەکان | 64 | 37.0 | 55 | 31.8 | 34 | 19.7 | 11 | 6.4 | 9 | 5.2 | 3.89 | 1.133 | %78 |
| ناوەڕۆکی سۆشیال میدیا سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال، هەستی ناسنامەی کولتووریی منی بەهێزتر کردووە | 70 | 40.5 | 46 | 26.6 | 30 | 17.3 | 16 | 9.2 | 11 | 6.4 | 3.86 | 1.228 | %77 |
| | | | | | | | | | | | **3.95** | **1.09** | **%79** |

## 5. دەرئەنجام

گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

زیاتر لە نیوەی بەشداربووان تووشی ناوەڕۆکی پەیوەست بە جینۆسایدی ئەنفال دەبن لە سۆشیال میدیادا.

نزیکەی نیوەی بەشداربووان بە ویستی خۆیان فۆڵۆوی ئەو ئەکاونتانە دەکەن کە گرنگی بە هۆشیارکردنەوە دەدەن دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال.

نزیکەی نیوەی بەشداربووان سۆشیال میدیا بە سەرچاوەی سەرەکیی زانیارییەکانیان دەزانن دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال.

زۆرینەی زۆری بەشداربووان هاوڕان کە لە ساڵرۆژ و بۆنە و یادەکانی پەیوەست بە جینۆسایدی ئەنفال ناوەڕۆکی زیاتریان لەسەر ئەم تاوانە بەرچاو دەکەوێت.

زۆرینەی زۆری بەشداربووان پێیان وایە وێنەی مێژوویی و ڤیدیۆی بەڵگەنامەیی کاریگەرترین فۆرماتن بۆ تێگەیشتن لە جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیال میدیادا.

زۆرینەی بەشداربووان هاوڕان کە چیرۆکی کەسیی ڕزگاربووان کاریگەری قووڵتری هەیە لە چاو داتا و ئامارەکان.

ڕێژەی 63%ی بەشداربووان زیاتر ناوەڕۆکی کورت سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیال میدیا دەخوێننەوە لە چاو ناوەڕۆکی درێژ.

زۆرینەی زۆری بەشداربووان نیگەرانن لەوەی زانیاریی هەڵە لە سۆشیال میدیا دەربارەی جینۆسایدی ئەنفال بڵاودەبێتەوە.

زیاتر لەنیوەی بەشداربووان پێیان وایە زانیاری لەسەر جینۆسایدی ئەنفال لە سۆشیال میدیا هەندێکجار دژایەتی ئەو شتانە دەکات کە لە سەرچاوەی ترەوە وەریانگرتووە.

زۆرینەی زۆری بەشداربووان هەستی هاوسۆزییان لەگەڵ قوربانیانی جینۆسایدی ئەنفالدا هەیە.

زۆرنەی بەشداربووان بروایان وایە کە ناوەڕۆکی سۆشیال میدیا سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال هەستی ناسنامەی نەتەوەییان بەهێزتر کردووە.

10.24086/cuejhss.v9n2y2025.pp124-137

## پێشنیار و ڕاسپاردەکان

لە سۆنگەی ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەران پێیگەیشتوون، ئەم پێشنیار و ڕاسپاردانە دەخەینەڕوو:

دامەزراوە حکومییەکان ئەرشیفێکی دیجیتاڵی فەرمی و گشتگیر دابمەزرێنن کە پێکهاتبێت لە وێنەی مێژوویی، ڤیدیۆی بەڵگەنامەیی کورت و چیرۆکی تۆمارکراوی قوربانیان.

دامەزراوە پەروەردەییەکان پێویستە مێژووی جینۆسایدی ئەنفال بە شێوەیەکی گشتگیر و فراوان بخەنە ناو بەرنامەکانیانەوە، هەروەها سۆشیال میدیا وەک ئامرازێکی نوێی فێرکاری بەکاربهێنن بۆ گەیاندنی ئەم مێژووە بۆ نەوەی نوێ.

میدیای کوردی لە کاتی بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفالدا سەرنج بخاتە سەر وێنەی مێژوویی بەڵگەدار و چیرۆکی کەسی لە جیاتی ناوەڕۆکی درێژ.

بەکارهێنەرانی سۆشیال میدیا پێش هاوبەشکردنی هەر زانیارییەک سەبارەت بە جینۆسایدی ئەنفال، لە سەرچاوەی جیاواز پشتڕاستی بکەنەوە و بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە فەرمییەکان.

زانکۆکان پرۆژەی توێژینەوە بەڕێوە ببەن بۆ کۆکردنەوە و دیجیتاڵکردنی چیرۆک و یادەوەرییەکانی ڕزگاربووانی جینۆسایدی ئەنفال.

ئەنجامدانی کۆنفرانسی زانستیی ساڵانە لەلایەن زانکۆکانەوە لەسەر جینۆسایدی ئەنفال.

پێشنیار دەکەین زانکۆکان لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان هەماهەنگیی بکەن بۆ درووستکردنی ئەرشیفێکی ئەکادیمی و پێگەیەکی تایبەت بە مێژووی جینۆسایدی ئەنفال.

## سەرچاوەکان


باشا،د.حەسان شەمسی؛ باشا، د.ماجد حەسان شەمسی. (2022). تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕێبەرێك بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕێنوێن.

بەرزنجی، هەژار وشیار؛ مەلا، حەسەن. (2019). پرۆسەی ئەنفالی ناوچەی شێخان، چاپخانەی کمال، سلێمانی.

تاڵەبانی، ناهیدە؛ عەلی، جاسم محمد. (2002). ئەنفالی گەرمیان، چاپخانەی وشە، سلێمانی.

حسێن، سەعید ئیسماعیل، ئەنفالی گوندی فەقێ مستەفا. (2018). چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

حسێن، هەتاو حەمەساڵح، (28 نۆڤەمبەر، 2023). ڕۆڵی میدیا لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و بنیادی دروستی کۆمەڵگە. ماڵپەری ئایندەسازی . https://ayndasaze.com/archives/3144سەردان کراوە لە ڕۆژی : (3-5-2025)

حسێن، ئاوارە. (2017). جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی.

حمود، عبدالوهاب. (1987). الاجرام الدولي, مطبوعات جامعة الكويت، الطبعة الاولى.

حەمە، جەمال غەریب. (2023). بۆ بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

حەمەئەمین، ئەکرەم فەرەیدون. (2023). ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بە جینۆساید ناساندنی کوردە فەیلییەکان – توێژینەوەیەکی مەیدانییە، کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کوردستان(جینۆسایدی کوردی فەیلی).

حەوێز، پ.ی.د. دەریا جەمال؛ حەوێز، پ.ی.د. سروشت جەوهەر حەوێز. (2023). ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئەنفال لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا، توێژینەوەیەکە پێشکەش کراوە بە کۆنفرانسی زانستیی جینۆساید ڕەنگدانەوەی لە ئەدەب و هونەردا، وەزارەتی ڕۆشنبیریی و لاوان.

رمضان،عمر احمد؛ صادق، شيماء وسيم. (2021). دور المواقع التواصل الاجتماعي في نشر مفهوم الابادة الجماعية لدى الازديين، کۆنفرانسی زانستیی (بنیادنانی ئاشتی و قەدەغەکردنی کۆمەڵکوژی)، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

ڕێشاوی، يحيى عمر. (2021). تغطية الصحافة الإلكترونية الكوردية لقضايا حلبجة، کۆنفرانسی زانستیی (بنیادنانی ئاشتی و قەدەغەکردنی کۆمەڵکوژی)، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی.

سدیق، عەبدوررەحمان. (2003). ئەنفال لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژمارە.(65)

سلێمان، تەها. (2021). جینۆسایدی کوردی فەیلی لە عێراقدا، کۆنفرانسی (جینۆساید.. لە ناسنامەوە بۆ پرۆژە)، ڕێکخراوی دۆز(چەمچەماڵ).

سەنگاوی، فاتیح. (2013). دواتر دەینێرم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك .

شاخی، مەلا. (2001). ئەنفالی خاڵخاڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دانا، سلێمانی.

عەزیز، محەمەد ڕەئوف. (2005). ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

عەزەدین، ئارام ڕەزا؛ حەسەن، بەهرۆز ساڵح. (2011). ئەنفالی ناوچەی جەباری، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

فەرەج، لەتیف فاتیح. (2013). ئەنفال گەردانەی بیابان، کۆمەڵە وتار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

قادر، هیدایەت جەمال. (2013). ڕادەی گرنگیپێدانی ڕۆژنامەکان بە دۆزی ئەنفال، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك.

کامیل، هێمن. (2011). ئەنفالی چوار و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر گەنجی کەسوکاری ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك.

کەرکوکی، د.حەبیب. (2021). هەڵوێستی ڕۆژنامەگەری ئەورووپی لە بەرانبەر پرۆسەکانی ئەنفالدا، وەرگێڕانی بارام سوبحی، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە چوار.

گوڵ، مارف عومەر. (2003). جینۆسایدی گەلی کورد، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی.

گۆڤاری ئەنفالناسی. (2021). پوختەی توێژینەوەی هیوا محەمەد ئەحمەد و جوان جەلال ڕەزا بەناونیشانی (بیرکردنەوەی باش لەلای بەجێماوانی ئەنفال)، ژمارە چوار.

محەمەد، د.خەلیل ئیسماعیل. (2002). لێکجیاکردنەوەی شوێنی شاڵاوەکانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە24، هەولێر.

مودەڕریس، مەلا عەبدولکەریم، خولاسەی تەفسیری نامی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات.

مەحمود، سالار. (2013). ئەنفال جینۆسایدی گەلی کوردستان، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك.

مەعرووف، د.کەمال. (2005). کێشە نەتەوەییەکان و ڕووداوە سیاسییەکانی جیهان و کوردستان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە ڕۆشنبیری، سلێمانی.

نامق، چنار. (2013). جینۆساید و ئەنفالی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

نامق، چنار. (2021). ڕای گشتی ئەلیکترۆنی و چەواشەکردنی میدیایی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

ئادەم، بەهزاد عەلی. (2019). هۆلۆکۆست و جینۆساید و ئەنفال: سێ چەمك و یەك ئامانج، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە سێ، ساڵی سێهەم.

چاوپێکەوتن لەگەڵ د.چنار نامیق، مامۆستای زانکۆ، بەشی ڕاگەیاندن، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر، 18-5-2025.

چاوپێکەوتن لەگەڵ د.فاتیح سەنگاوی، مامۆستای وانەبێژ لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، توێژەر لە بواری جینۆساید و ئەنفال، 22-5-2025.

چاوپێکەوتن لەگەڵ پ.ی.د. یەحیا عومەر ڕێشاوی، مامۆستای زانکۆ، بەشی تەکنیکی میدیا، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، 14-6-2025.

Halbwachs, M. (1992). On Collective Memory. University of Chicago Press.

Jumardi, J. (2023). Leveraging Social Media to Enhance Historical Awareness: A Case Study of the Inspect History YouTube Channel.

Lee, S. (2023). The Power of Media Memory. Number Analytics.

Massoudi, A. H., Agha, A. M., & Zamoum, K. (2025). Bridging AI Marketing and Customer Loyalty. Cihan University-Erbil Journal of Humanities and Social Sciences, 9(1), 106-113.

Liu, J. (2022). Who Speaks for the Past? Social Media, Social Memory, and the Production of Historical Knowledge in Contemporary China.

Sleman, T. (2015). Genocide in Kurdistan, translated from Kurdish by Abdulkarim Uzeri.

Van der Hoeven, A. (2021). Historic Urban Landscapes on Social Media: The Contributions of Online Narrative Practices to Urban Heritage Conservation. ScienceDirect. Cihan University. (n.d.). About Us. https://cihanuniversity.edu.iq/about-us/ [Accessed: 3 May 2025].

Fiveable Inc. (n.d.) University students (AP Psychology key term). Available at: https://library.fiveable.me/key-terms/ap-psych/university-students [Accessed: 3 May 2025].

Kumar, N. (19 August 2025). Facebook Users Statistics (2025) New Worldwide Data. DemandSage.

Massoudi, A. H., & Zaidan, M. N. (2025). Factors influencing IOT acceptance among university students in Iraq: an application of the extended UTAUT model. Revista ENIAC Pesquisa, 14(2), 337-364. https://doi.org/10.22567/rep.v14i2.1077

Zaniary. (n.d.). ئینستاگرام. https://zaniary.com/blog/630be2d487c3e [Accessed: 3 May 2025].

Dixon, S. J. (2025). Instagram - Statistics & Facts. Statista. https://www.statista.com/topics/1882/instagram/#topicOverview [Accessed: 3 May 2025].

SEO.ai. (2025). How Many Users are on X? https://seo.ai/blog/how-many-users-on-x [Accessed: 3 May 2025].

Hill, C. (2022). What is TikTok: The complete platform guide for 2025?. Sprout Social. Available at: https://sproutsocial.com/insights/what-is-tiktok / (Accessed: 3 May 2025).

Massoudi, A. (2025) Predicting the power of entrepreneurial orientation in improving the level of product innovation. Business education as a mediator. Journal of Management and Business Education, 8(1), 58-73. https://doi.org/10.35564/jmbe.2025.0004

Singh, S. (2025). How Many People Use TikTok (Users Statistics 2025). Available at: https://www.demandsage.com/tiktok-user-statistics/ (Accessed: 3 May 2025)

eSafety Commissioner. (n.d.). What is Snapchat? eSafety Commissioner. Available at: https://www.esafety.gov.au/key-topics/esafety-guide/snapchat [Accessed 3 May. 2025].

Singh, S. (2025). How Many People Use Snapchat in 2025? (Users Statistics). DemandSage. Available at: https://www.demandsage.com/snapchat-users/ [Accessed 3 May. 2025].

Global Media Insight. (2025). YouTube Statistics 2025 [Users by Country + Demographics]. Global Media Insight. Available at: https://www.globalmediainsight.com/blog/youtube-users-statistics/ [Accessed 3 May 2025].

Zaidan, M. & Massoudi, A. (2025). The Impact of Technological and Economic Factors on Cybersecurity Management and MSEM Performance. Internext, International Business and Management Review, 20(3), e847. https://doi.org/10.18568/internext.v20i3.847

**Abstract**

The Anfal Genocide is one of the tragic crimes in Kurdish history, carried out in the late twentieth century, specifically in 1988, by the former Iraqi regime. This crime against the Kurdish people has left a profound impact on Kurdish society. However, the level of awareness among different individuals, particularly university students, about this historical issue remains limited or low. This research attempts to examine this problem by identifying the impact of social media, the types of content, as well as the various platforms used by university students. The study employed a descriptive-survey

methodology, and the research population consisted of all students at Cihan University-Erbil for the academic year 2024-2025. The research sample comprised 175 students from various departments, selected purposively. Among the most important findings reached by the researchers is that social media plays a significant role in raising awareness among university students about the Anfal Genocide, as the majority of participants encounter content related to the Anfal Genocide on social media and consider it their primary source of information. Visual content, particularly historical images and personal stories, are the most effective formats for understanding the Anfal Genocide. At the end of the research, several recommendations and suggestions were presented.
Keywords: Social media, awareness, university student, genocide, Anfal.